ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی


• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# کاریگەریی بزاڤی ڕۆشنبیریی هونەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر پێشکەوتنی گۆرانی و موزیکی کوردی

## (تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، حەسەن زیرەک بە نموونە)

**پ.ی.د.چیایی کمال سعدی**
مامۆستا لە بەشی موزیك / كۆلیژی هونەرە جوانەكان/
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
chiey.saddi@su.edu.krd

**م. هەنگاو ئەنوەر محەمەد**
مامۆستا لە بەشی موزیك / كۆلیژی هونەرە جوانەكان/
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
Hangaw.mohammad@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم لێکۆڵینەوە جەخت لە کاریگەری و پێشکەوتنەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی هونەری گۆرانی و موزیک و کاریگەرییە دەرەکییەکان دەکات، ئەم کاریگەرییانەش لە ڕێگای گۆرانییەکانی هونەرمەندان عەلی مەردان، حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق لە سەر هونەرمەندان و گۆرانیبێژ و موزیکزانانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەردەکەوێت، لە ڕێگەی سێ تەوەری سەرەکی کە ئەمانەن: تەوەری یەکەم بە خستنەڕووی کێشە و گرفت و ئامانج و گرینگی و پێشبینییەکانی لێکۆڵینەوە، هەروەها دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بە پێی کات و شوێنی دیاریکراو دەست پێ دەکات.
تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە خستنەڕووی ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە. هەموو ئەم پەیوەندییانە خراونەتە ڕوو کە لە توێژینەوەکانی هاوشێوەدا باس نەکراون، هەموو ئەمانەش لە ڕێگای گۆرانییەکانی هونەرمەندان عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و تاهیر تۆفیق کاریان لە سەر کراوە، هەر بۆیەش بە پێویستمان زانی کورتەیەکیش لە سەر ژیان و کار و چالاکییەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنانە بخەینە ڕوو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دەرکەوتنی ئەم ڕەنگدانەوە و کاریگەرییانەی کە لە ڕێگای ئەم بزاڤە ڕۆشنبیری و هونەرییە کەوتووەتە سەر هونەر و هونەرمەندانی شاری هەولێر و ناوچەکانی تری کوردستان ڕوون بکەینەوە.
لە تەوەری سێیەمیشدا بەشێک لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان خستووەتە ڕوو، لەگەڵ هەندێک لە پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار و توێژەرانی تری بواری هونەری بە گشتی و گۆرانی و موزیک بە تایبەتی، وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ بەرەوپێشبردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە.
کلیلەوشەکان: بزاڤ، ڕۆشنبیری، هونەر، گۆرانی، موزیک

**١. پێشەکی**

گـۆرانی و موزیـک بابەتێـکی زۆر گرینگـە لـە ژیـانی مرۆڤـدا، هــەر لــە کۆنــەوە ئادەمیــزاد بایەخــی پــێ داوە، وەک بەهرەیـەکی خۆڕسـک لـە ناخـی گشـت مرۆڤێکـدا هەبـووە و پێویسـتی بـە فێربـوون و ڕاهێنـان نەبـووە و لـە هەمـوو سـەردەمێک و هەمـوو قۆناغێـکی ژیانیـدا بایەخـی پێـی داوە و لـە کاتی کارکـردن پەنایـان بردووەتـە بـەری و گوڕوتینێـکی پـێ بەخشیون و لـە کاتی حەسانەوەشـدا بـۆ زاخـاوی مێشـک ڕوویـان تێـی کـردووە. بۆیـە ئەگـەر ئاوڕێـک لـە مێـژووی کۆمەڵگای کـوردی بدەینـەوە، دەبینیـن بـۆ هـەر جـۆرە کارێـک گـۆرانی و موزیـکی تایبـەت بـە خۆیـان چڕیـوە. کەلەپـووری نەتەوایەتیـمان پـڕە لـە نموونـەی زینـدوو و سـەدان پارچـە گـۆرانی و موزیـکی ڕەسـەن.

شارسـتانیەتی کـوردی بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە شارسـتانیەتی گـەلانی عێراقـی کـۆن و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و دراوسـێکانی کوردسـتان بـە تایبـەتی. لێکۆڵینـەوە لـە بـوونی کاریگەریـی گـۆرانی و موزیـکی ناوچەیـەک لـە سـەر ناوچەیەکـی تـر، وا دەخــوازێ کــە توێژینــەوەی زانســتی و گــەڕان و هەڵوەسـتە بکـرێ لـەم بارەیـەوە، چونکـە ئەمـە یەکێکـە لـە گەورەتریــن کێشــەکانی بــەردەم هونــەر و گۆرانیــی کــوردی. بـۆ ئـەوەش دەبـێ تیشـک بخەینـە سـەر گـۆرانی و موزیـکی عێراقـی کـۆن و ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاسـت بـەر لـەوەی بچینـە سـەر گـۆرانی و موزیـکی کـوردی.

**١-١. گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگـی و بایـەخ و هـۆکارەکانی هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە، لـە بـەر ئـەوەی گـۆرانی و موزیـکی کـوردی شـوێنێکی گـەورەی لـە ژیـانی مرۆڤـی کـورد داگیـر کـردووە، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش تاکـوو ئێسـتا وەکـوو پێویسـت لێکۆڵینـەوەی زانسـتی لـە سـەر هەمـوو لایەنـەکانی نەکـراوە و زۆر لایـەنی شـاراوەی تیـادا مـاوە و پێویسـتی بـە گـەڕان و سـاغکردنەوە و لێکۆڵینـەوە هەیـە، بـە تایبـەتی لـە ڕوانگـەی کاریگەرییـەکانی پێشـکەوتنی موزیـک و گـۆرانی لـە ڕێـگای ئـەم بـزاڤ و کۆمەڵانـەی بـۆ نوێـکاری لـە بـواری هونـەر بـە گشـتی و موزیـک و گـۆرانی بـە تایبـەتی هاتبوونـە ئـاراوە، لـەم ڕێگایەشـەوە دەتوانرێـت گـۆرانی و موزیـکی کـوردی بخەینـە ڕیـزی گـۆرانی و موزیـکی گـەلانی پێشـکەوتوو.

لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەم شۆڕشـە تەکنەلۆژییـەی کـە لـە سـەدەکانی ڕابـردوو و لـە کاتی کردنـەوەی ڕادیـۆی بەغـدا لـە ١٩٣٩و بەردەوامبـوونی تـا ئێسـتا کـە لـە جیهانـدا بـە شـێوەیەکی فراوانـتر بەرپـا بـووە، کاردانەوەیـەکی پۆزەتیڤـی لـە سـەر گـۆرانی و میـوزکی کـوردی هەبـووە، ئەمـەش وا دەخـوازێ گـۆرانی و موزیـکی کوردیـی کـۆن بـەراورد بکەیـن لەگـەڵ هیـی ئـەم سـەردەمە، هەروەهـا هـەردوو لایەنـە نێگەتیـڤ و پۆزەتیڤـەکانی ئـەم هونـەرە و کاریگەرییـەکانی تەکنەلۆژیـا و بزاڤـە هونەرییەکانیـش بەسـەر ئـاواز و گۆرانیـی کـوردی دەستنیشـان بکەیـن، دواتریـش بیـروڕای شـارەزایانی بـواری هونـەری لـە بارەیانـەوە بخەینـە ڕوو لەگـەڵ دەربڕینـی ڕا و سـەرنجی خۆمـان لـە بارەیانـەوە.

**١-٢. کێشەی توێژینەوەکە**

کێشــە و گرفتــەکانی لێکۆڵینەوەکــە بریتیــن لــە گــەڕان و کاریگەریـی گـۆرانی و موزیـکی دەوروبـەر لـە سـەر گـۆرانی و موزیـکی کـوردی، بـە ڕێـگای لێکۆڵینـەوە، بـەراورد لەگـەڵ گۆرانی و موزیـکی گـەلانی عێراقـی کـۆن و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، بـۆ ئـەوەی ڕوون بێـت کـە ئایـا گـۆرانی و موزیـکی کـوردی کاریگەریـی کەوتووەتـە سـەر یـان نـا. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن کـورد گـۆرانی و موزیـکی تایبـەت بـە خـۆی مـاوە و دوور بـووە لـە کاریگەرییـە دەرەکییـەکانی وەک وڵاتـانی ئێـران، تورکیـا، سـووریا، عێـراق. یانیـش بەشـێکە لـە گـۆرانی و موزیـکی عێـراق و تایبەتمەندیـی خـۆی نەپاراسـتووە. ئەمـەش خۆیلەخۆیـدا لـە هەنـدێ گـۆرانی و موزیـکی کـوردی بـۆ هەندێـکی تـر دەگـۆڕێ، هەریەکێـک لەوانـە جێگـەی هەڵوەسـتەیە و دەبـێ لـە بـەر ڕۆشـنایی پێـوەرە زانسـتییەکان و ڕای شـارەزایان لێکۆڵینەوەیـان لـە سـەر بکەیـن.

**١-٣. ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجـی توێژینەوەکـە لـە چوارچێـوەی گشـتی و چوارچێـوەی تایبەتییــەوە خراوەتــە ڕوو، یەکــەم: چوارچێــوەی گشــتیی لێکۆڵینەوەکــە بریتییــە لــە پێشــکەوتنەکانی بزاڤــی هونــەری و کاریگەریـی گـۆرانی و موزیـکی دەرەکی لـە سـەر گـۆرانی و موزیـکی کـوردی.

دووەم: چوارچێوەی تایبەتیی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکان بەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی، ئەمەش لە ڕێگای چەند ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و توێژینەوەیەک دەبێ کە لە کۆتاییدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

**١-٤. میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا شێوازی وەسفیی مێژوویی پەیڕەو کراوە، بە مەبەستی بەدواداچوون لە سەر خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەیتا و زانیارییەکان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە. خستنەڕووی سێ هونەرمەندی ڕەسەنی کوردی وەک نموونەی لێکۆڵینەوەکە و بەراوردکردنیان لە چوارچێوەی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی.

**١-٥. شیکردنەوەی چەمکەکان**

١-٥-١. بزاڤ

بزاڤ، ڕێباز، قوتابخانە، کۆمەڵە، "Ecol"ی لاتینی، هەموو ئەمانە بەو شێوە باوە ئەدەبی و هونەریانە دەوترێ کە هەڵگری جۆرێک لە ڕێسا و یاسا دیاریکراوەکانن لە بوارە ئەدەبی و هونەرییەکان و کاریگەری لە سەر بیری تاک لە جێبەجێکردنی بەرهەمەکانیان و نمایشکردنیان دروست دەکەن. هەر بزاڤێکیش تایبەتە بە سەردەم و کات و سات و ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو، هەروەها کۆمەڵە بیرێکی فەلسەفییانەی چەندین فەیلەسووف لە بوارە جیاجیاکاندا لەخۆ دەگرێت. بە پێی گۆڕانکاری و گەشەی لایەنەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی سەردەمەکان؛ گۆڕانکاری بەسەر ڕێبازەکان و دەربڕینە هونەرییەکانیش دێن (محەمەد، ٢٠١٢، ٥).

**١-٥-٢. ڕۆشنبیریی هونەر**

ڕۆشنبیریی هونەری بریتییە لە تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ ئەو هونەر و کولتوورانەی کە پەیوەندییان بە لایەنە هونەرییەکانی وەک مۆسیقا و سەما و نواندن و ئەدەب و هونەرە بینراوەکانەوە هەیە. ڕۆشنبیریی هونەر لە سەر تێگەیشتن و پێزانینی هونەر و مێژوو و کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا و کولتوور دامەزراوە. ڕۆشنبیریی هونەر بەشێکی گرنگی ژیانی کولتووری و داهێنەرانەی مرۆڤە و بەشداری دەکات لە بەرەودان بە دەربڕینی هونەری و کارلێکی کولتووری لە نێوان خەڵکدا. هەروەها ئەو بەها و باوەڕ و نەریتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە هونەرەوە، شێواز و تەکنیک و پێشکەوتنە مێژوویی و کولتوورییەکان کە کاریگەرییان لە سەر هونەرە جۆراوجۆرەکان هەیە. ڕەنگدانەوەی هەمەجۆری هونەر و دەربڕینی داهێنەرانە لە کلوتوور و کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهاندا. هونەر بەشێکی گرنگی ناسنامەی کولتووریی گەلانە و بەشداری لە گواستنەوەی مێژوو و بەهاکان و نەریت و باوەڕەکان و بەرەودان بە کارلێکی کولتووری و ئاڵوگۆڕ لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا دەکات (Adams, 1964, 8).

**١-٥-٣. گۆرانی**

گۆرانی جۆرێکە لە دەربڕین و چڕینە بە ئاواز، "حسێن عەلی مەحفوظ" پێی وایە کە گۆرانی واتای ئاواز، یان مەقام، یا دەنگ دەگەیەنێ (محفوظ، ١٩٩٧، ١٤٢). بە پێی شیکردنەوەی "ئەحمەد الهاشمي"، گۆرانی واتای چڕینی هۆنراوە و دەقە ئەدەبییەکانە. دەڵێت گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچووک بچووکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆر جار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکییەکانیش. هەروەها ئەحمەد الهاشمي دەڵێت: گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە: (گۆرانیی میللی، گۆرانیی فۆلکلۆری، گۆرانیی دانراو... تا دوایی) (الهاشمي، ١٩٧٩، ٩١). ئەسعەد محەمەد عەلی پێی وایە کە گۆرانی بە هەموو ئەم دانراوە موزیکییانە دەگوترێ کە دەگونجێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ (عەلی، ١٩٨٥، ١٦). "لویس معلوف" لە پەرتووکەکەی بە ناوی "المنجد في اللغة والاعلام"دا دەڵێت: گۆرانی کۆی گۆرانییەکانە (الاغنية جمعها اغان). هەروەها محەمەد محێدین عەبدولحەمید و محەمەد عەبدوللەتیف البسکی لە پەرتووکەکەیاندا بە ناونیشانی "المختار من صحاح اللغة"دا دەڵێن: گۆرانی دەربڕینێکە، یان هەر بەرزکردنەوەیەکی دەنگییە بە ئاواز. بە پێی یەکەم کۆنگرەی موزیکی لە قاهیرە، ساڵی ١٩٣٢ پێناسەی گۆرانییەکان بە کۆی گۆرانی هاتووە، وەک: "گۆرانی = گۆرانییەکان"، هەمان واتایان هەیە تەنها ئەوە نەبێ یەکیان بۆ تاک بەکار دێ، ئەوەی تریان بۆ کۆ. بە

شێوەیەکی گشتی گۆرانی لای عەبدولحەمید حەمام بە واتای هەر دەربڕینێکی دەنگی مرۆیی دێت، جا چ بە هاوکاریی ئامێری موزیکی بێ یان نا (الجزراوی، ٢٠٠٤، ٢٠).
کەواتە گۆرانی شێوە دەربڕینێکی تایبەتە بە دەنگ، مرۆڤ ڕێکی دەخات و دەیگونجێنێت و دەریدەبڕێت بە پێی جۆری ئەم هۆنراوەی کە دەیچڕێ، بە جۆرە ڕیتمێک کە بگونجێ لەگەڵ ڕیتمی دەرەکی و ناوەکیی دەقە ئەدەبییەکە یان هۆنراوەکە (المهندس، ١٩٧٩، ١٧).

**١-٥-٤. موزیک**

موزیک زانستە، هونەرە، زمانە. واتە زانستی موزیک جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و ئەندازیاری لە ڕوانگەی زانستییەوە، تەنها لە ڕوانگەی هونەرییەکەوە نەبێ کە دەتوانین شیی بکەینەوە (محفوظ، ١٩٧٧، ٦٤).
ئـ: موزیک وەک زانست: زانستێکە لە زانستە سروشتییەکان و لە سەر بنەما و ڕێساویاسای ماتماتیکی ڕێک خراوە. دەنگەکانی گونجێنراوە بە جۆر و شێوازێک کە بتوانرێت هەماهەنگیی هەبێت لەگەڵ قابیلیەتی بیستن و دەربڕین و تواناکانی گوێچکە.
ب: موزیک وەک هونەر: دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکی کە یەکەمیان لایەنی ژەنینی ئامێری "music instruments" دەگرێتەوە. هەروەها زانستی گۆرانی واتە دەربڕینی دەنگی مرۆیی بە گوێرەی تیمپۆی موزیکی ڕێکخراو. کە هەردووکیشیان بە دانراوەی موزیکی ناوزەد دەکرێن، دانراوە موزیکییەکانیش هەمیشە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:
١. دەنگی موزیکی (ئاواز): ئەو دەنگانەن کە لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی ئامێرەکانەوە دەردەچن، یان لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی قورگی مرۆڤەکانەوە لە ڕێگەی دەمەوە دێنە دەرەوە.
٢. ڕەزم (ڕیتم): پێوەرێکە بۆ ڕێکخستنی بەردەوامی دەربڕین و بەردەوامبوونی دەنگ، هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان درێژی و کورتیی دەربڕینەکان. ئاواز و ڕیتم دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، لە موزیکدا جووتەزا و جومکەزان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر واتا نابەخشێ (ابراهیم، ٢٠١٤، ٦).
موزیک وەک چەمک: ناوی موزیک لە ناوی موزێی یۆنانییەوە هاتووە، بەڵام لە ڕوانگەی میتۆلۆجییەوە واتە بە گوێرەی داستان. موزێ نۆ خواوەند بوون کە هونەرەکانیان دەپاراست، خواوەندی ئێوتێرپێ وەک پارێزگاری موزیک بووە کە بە دوو فلوت دەستنیشان دەکرا.
وشەی موزیک لای هەر میللەتێک بە جۆرێک دەردەبڕدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی دەربڕین و وەرگێڕانی چەمکەکە لە گریکییەوە بۆ زمانەکانی تر، وەک: ئینگلیز = موزیک، ئەڵمانی = موزیک، ئیتاڵی = موزیکا، عەرەب = مۆسیقا، کوردیی ناوەندی = مۆسیقا کە لە عەرەبییەکەوە وەرگیراوە، کوردیی کرمانجی = موزیک (ئازید، ٢٠١٦، ٢٧).
کەواتە موزیک گشت دەربڕینە ئامێری و دەنگییە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، بەرز و نزمیی چینە دەنگەکان، خێرایی و لەسەرخۆیی و گوشار و دووپاتکردنەوەکانیش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێ لە دەوڵەمەندکردنی.

**٢. بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی لە شاری بەغدا**

دەوڵەتی عیراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە (١٩٢١) تا ئەمڕۆ؛ گرینگی و کاریگەریی تۆکمەی هەبووە بەسەر هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیک بە تایبەتی لە هەموو ناوچە کوردستانییەکان، ئەمەش بۆ پایتەختی عیراق دەگەڕێتەوە کە وڵاتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکوو ئەمڕۆ هیچ ڕێگرییەکی نەکردووە لە هونەر و هونەرمەندانی کورد لە ناوچەکەدا (رشید، ١٩٨٨، ٦٢). هەروەها هاتنی کۆمپانیاکانی قەوان، وەک: (بەیزافۆن، ئۆدیۆن، پۆلیفیۆن، سۆڤۆ، چەقماقچی فۆن... تا دواتر)، بۆ تومارکردنی دەنگی گۆرانیبێژانی کورد لە پاڵ گۆرانیبێژانی عەرەب و جوولەکە و مەسیحییەکان، یەکێکی تر بوون لەو پاڵپشتی و پشتیوانیکردنەی دەوڵەتی عێراق هەیبوو بۆ هونەر و هونەرمەندانی کورد، نەک تەنها لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشوور، بەڵکوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، وەک تۆمارکردنی گۆرانییەکانی هونەرمەند

حەســەن زیــرەک، محەمــەدی مامڵــێ... هیــی تــر. ئــەم کاریگەرییانــەش زیاتــر لــە دامەزرانــدنی ئێســتگەی بەغــدا لــە ١٩٣٦ و کردنــەوەی بــەشی کــوردی لــە ١٩٣٩ و بــوار ڕەخســاندن بــۆ هونەرمەنــدانی گۆرانیبێــژ و موزیکزانــانی کــورد، وەک: (عــەلی مــەردان، تاهیــر تۆفیــق، حەســەن زیــرەک... تــا دوایــی) (قەرەداغــی، ٢٠٠٤، ٣١)، یەکێــکی تــر بــوون لــە هــۆکارەکانی بەرەوپێشــبردنی بزاڤــی ڕۆشــنبیری و هونــەری کــوردی، وە کاریگەریــی گــۆرانی و موزیــکی ناوچــە جیاجیــاکانی ناوخــۆ و دەرەوە بەســەر یەکتریــەوە کــە هــۆکاری بەرەوپێشــچوونی بــواری هونــەری گــۆرانی و موزیــکی کــوردی بــوو لــە باشــوری کوردســتان. ئــەم پێشــکەوتن و نوێکارییانــەی هاتنــە نێــو گــۆرانی و موزیکــی کــوردی، لــە ڕێــگای ژەنیــارانی ئــەم کاتــەی ڕادیــۆی بەغــداوە بــوو کــە زۆربەیــان یەهوودییــەکان بەڕێوەیــان دەبــردن، وەک: (ئیبراهیــم طقــو - چەلــۆ، داود الکویتــي - عــود، یەعقــووب العــماري - نــای، محەمــەد القبنجــي - مەقامخوێــن، ســاڵح الکویتــي - کەمــان، یوســف زعــرور - قانــوون، حســێن عەبــدوڵا - ئیقــاع)، ئەمانــە موزیکــی گۆرانییــەکان و وتنــی مەقــام و ئاوازەکانیــان لــە ســەر شــێوازی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت (عــەرەبی، تورکــی، فــارسی، ئــازەری) دەژەنی و دەگــوت، بۆیــە کاتێــک کــە کوردێــک یــا عەرەبێــک لــە هــەر ناوچەیەکــەوە بهاتبــا نێــو ڕادیــۆ و گۆرانیــی بچڕیبــا، ئــەوا دەکەوتــە ژێــر کاریگەریــی موزیکــی ئــەم موزســیانە یەهــوودی و عوســمانییانەی لــە ڕادیــۆ کاری موزیکیــان دەکــرد (فایــد، ٢٠٠٨، ٣٩).

هەروەهــا کرانــەوەی ناوەنــدی ئەکادیمیــی هونــەری، وەک دامەزرانــدنی پەیمانگــەی هونــەرە جوانــەکانی بەغــدا لــە ١٩٣٦، ڕۆڵــی بەرچــاوی هەبــوو لــە پێگەیانــدنی گۆرانیبێــژ و موزیکزانــانی کــورد لــەم ســەردەمە و پێشــکەوتنی بزاڤــە هونەرییــەکان، کــە لــەم سەردەمەشــدا مامۆســتایانی ئــەم ناوەنــدە ئەکادیمییــە پێــک هاتبــوون لــە یەهوودییــەکان و عوســمانییەکان و تەنانــەت کۆمەڵێــک مامۆســتای موزســیانی یەکێتیــی ســۆڤیەت و ڕۆمانــی و ئەرمەنییــش لــەم ناوەنــدە وانــەکانی پراکتیکــی ئامێــری موزیکیــان دەوتــەوە و هونەرەکەیــان تێکــەڵ بــە هونــەری عێراقــی بــە گشــتی و کــوردی بــە تایبــەتی کــران. وە دروســتکردنی کاریگــەری و ڕەنگدانــەوەی هونــەری بیــانی و دەرەکی بەســەر هونــەر و موزیــک و گۆرانیــی عێراقــی و کــوردی لــەم ســەردەمە هەبــوو (حافــظ، ١٩٧١، ٨٣).

**٣. بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی لە شاری هەولێر**

ڕەنگدانــەوە و کاریگەرییــەکانی بزاڤــی هونەریــی شــاری بەغــدا ڕەنگدانــەوەی هەبــوو لــە ســەر لایەنــەکانی ڕۆشــنبیری و هونەریــی شــاری هەولێــر، ئــەم کاردانــەوەش زیاتــر لــە کاتی کردنــەوەی کۆمەڵــە و ڕێکخــراو و تیپــە موزیکییــەکان بەدیــار کــەوت لــە ناوچــە جیاجیــاکانی کوردســتان بــە گشــتی و هەولێــر بــە تایبــەتی.

لەمانــە کاریگەریــی کۆمەڵــەی ئــاوازی کــوردی بەســەر بزاڤــی هونــەری کــوردی. کۆمەڵەکــە هەوڵــی داوە خــولی تایبــەت بــە فێربــوونی مۆســیقا بکاتــەوە بــۆ هونەرمەنــدانی کــورد، وە لــە ڕێــگای چەنــد گۆڤارێــکی تایبــەت بــە هونــەر و ئــەدەب و مۆســیقا وەک (هەتــاو، کوردســتان، هــاوکاری... تــا دوایــی) بابــەتی مۆســیقا و زانســتی مۆســیقا بــڵاو بکاتــەوە بــۆ زیاتــر بەرزکردنــەوەی لایــەنی ڕۆشــنبیری و کولتــووری و هونەریــی هونەرمەنــدانی کــورد بــە بــواری هونــەری (محەمــەد، ٢٠١٢، ٦١).

هەروەهــا دامەزرانــدنی تیپــە هونەرییــەکان وەک (تیپــی دەرســیم، ١٩٥٧-١٩٥٨) بــە سەرپەرشــتیی هونەرمەنــد "جەمــال هیدایــەت"، هەروەهــا "تیپــی موزیــکی خانــەی مامۆســتایان" و "چالاکیــی قوتابخانــەکان" و "تیپــی موزیــکی ســەندیکای مامۆســتایان" لــە ١٩٦٨دا بــە سەرپەرشــتیی هونەرمەنــد "یەحیــا مەرجــان". دواجــار (تیپــی هونەریــی هەولێــر، ١٩٦٩)، (تیپــی هونەریــی هەولێــری نــوێ، ١٩٧٤) بــە سەرپەرشــتیی هونەرمەنــد "ســلێمان شــاکر"، ئەمانــە گشــتی ڕەنگدانــەوە و کاریگەریــی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبــووە بەســەر هــەردوو لایەنــەکانی پێشــکەوتن و کاریگەریــی هونــەری ناوچــەکان بەســەر یەکــترەوە (شــکری، ٢٠٢٠، ٧). لــە لایەکــی تــر دامەزرانــدنی ئــەم ڕێکخــراو و تیپــە هونەرییانــە بــە گشــتی و موزیکییــەکان بــە تایبــەتی کاریگەریــی ئەرێنیــی هەبــووە لــە ناســاندنی هونــەر بــە نــەوە و کۆمەڵــگای کــوردی، لــە ڕێــگای ئەنجامــدانی کۆنســێرت و ئاهەنگــە تایبــەتی و فەرمــی و بۆنــەکان، هەروەهــا کردنــەوەی خــول و پێگەیانــدنی کۆمەڵێــکی تــر لــە بەهرەمەنــدانی بوارەکــە،

لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەنگدانەوەی هونەری ناوچەیەک لە سەر ناوچەیەکی تر و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە لە ڕێگای ئەنجامدانی ئاهەنگەکان لە ناوچە جیاجیاکان، هۆکارێکی ترن بۆ بەرەوپێشبردنی لایەنی هونەری و گۆرانی و موزیک و لێکچوون و کەوتنە ژێر کاریگەریی یەکتری لە لایەکی تر، چونکە ئەم مامۆستا و موزسیانانەی کاری موزیکیان ئەنجام دەدا لە تیپەکان، دەرچوویی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغداد بوون و لە ژێر دەستی مامۆستایانی ئەوکاتی کۆلێژ، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆیان کرد، فێری موزیک ببوون و کاریگەریی موزیکی یەهوودی و عوسمانی و فارس و ڕۆم و ئەرمەنەکانیان لە سەر هەبوو، بەشێک لەم کاریگەرییانەش تاوەکوو ئەمڕۆ کاریگەرییان ماوەتەوە و هەستیان پێ دەکرێت (خۆشناو، ١٩٨٤، ٧٢). لێرەدا سەرسامبوونی هەندێکیشیان بە هەندێکی تریان و گرتنەبەری ڕێچکەی هاوشێوە لە کاتی ئامادەکردن و گوتنی گۆرانییەکان بەردەوامیی هەبوو، هەروەک ڕەنگدانەوەی گۆرانییەکانی تاهیر تۆفیق بەسەر "سادق حەریری[١*]" و هەوادارانی مامۆستا "عەلی مەردان" وەک هونەرمەند "عومەرە درێژ"، وە هەوادارانی حەسەن زیرەک بەسەر هونەر و گۆرانیی ناوچەکانی کوردستان و کۆمەڵێک هونەرمەندی نوخبەی شارەکە، وەک (ئیحسان زیرەک[٢**]، سامان زیرەک[٣***] ، قادر زیرەک[٤****]).

**٤. کاریگەریی شۆڕشەکان بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی**

بارودۆخی سیاسی و ناسەقامگیری لە عێراق بە گشتی و شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە تایبەتی، کاریگەریی گەورەیان بەسەر هەموو کایەکانی دەوڵەت و دەوڵەتداریدا هێنا لە عێراق بە گشتی و باشووری کوردستانیش بە تایبەتی، وەک بەشێک لە عێراق بێبەش نەبوو لەم گۆڕانکارییانە، ئەمەش لە ڕێگای گۆڕانی سیستمی حوکمڕانی بوو لە سیستمی پاشایەتی بۆ سیستمی کۆماری، ئەمە وای کرد کە میللەت جارێکی تر هەست بە سەقامگیریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی... تا دوایی بکات و زیاتر بکەوێتە نوێکردنەوە و خزمەتکردنی هەموو بوارەکان بە مەبەستی پێشخستنیان. لەم بوارانەشدا بواری ڕۆشنبیری و هونەر زۆرترین گۆڕانکارییان پێوە دیار کەوت، لە بارەی ئەمەشەوە هونەرمەند "جەمال هیدایەت" دەڵێت: "کۆمەڵە هونەرمەندێکی گەنج هەوڵیان دەدا ئاوازی نوێ دابنێن، وەک: یەحیا مەرجان، واحید مەرجان، عەبدوڵا دڵسۆز، جەرجیس عیزەدین... و هەندێک هونەرمەندی تر، ئەمە بوو ئاوازەکانیان جۆرێک تێکەڵاویی تیا بەدی دەکرا لە نێوان هونەری کوردی و هونەری عەرەبی" (محمد، ٢٠١٩، ٩٦). لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، جۆرێک لە بووژانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ کوردستانی عێراق هاتە کایەوە، واتە لایەنی هونەری و ڕۆشنبیری لە شاخ و دوای تێکچوونی شۆڕش، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەراورد بەو ئازادییەی کە پێشتر لە عێراق هەبوو، وە زۆر بڵاوکراوە و بەرهەمی نوێی هونەری هاتە پێشکەشکردن و بەهەم هێنرا کە کاریگەریی زۆر باشیان هەبوو بەسەر هەستی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەم سەردەمەدا. بێگومان شاری هەولێریش لەو کاریگەری و بووژانەوەیە بێبەش نەبوو (ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٥٤).

ئەم کاریگەری و پێشکەوتنانە زۆر بە خێرایی و بە بەردەوامی لە گەشەسەندندا بوون تا شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و توانەوەی شۆڕشەکە و بەستنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ١٩٧٥. لێرە بەدواوە جارێکی تر گۆڕانکاری و نەهامەتی ڕووی لە ناوچەکان کردەوە و جۆرێک لە خزانە دواوەی بواری ڕۆشنبیری و هونەری هاتە کایەوە. هەر چەندە توانرا بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی لە ڕێگای تیپی موزیکی شۆڕش و ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەونە هەوڵی زیندووڕاگرتنی ئەم بوارانە، بەڵام جۆرێک سستی و دواکەوتووییشیان پێوە دیار بوو لە سەرەتای زیندووکردنەوەی شۆڕش و ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و فراوانکردنی پەخشە ڕادیۆییەکان تا دواتر هونەرمەندان و بەرهەمە هونەرییەکان بوون بە قەڵغان و ژێلەمۆی شۆڕش و سەرکەوتنیان (محەمەد، ٢٠١٩، ٤٢).

**٥. بزاڤــی ڕۆشــنبیری و ڕەنگدانــەوەی لــە ســەر هەســتی نەتەوەیــی و نیشــتمانی لــە مەقــام و سروود و گۆرانییــەکانی تایــەر تۆفیــق، عــەلی مــەردان، حەســەن زیــرەک.**

بــە درێژایــی مێــژوو لــە گشــت شــۆڕش و جووڵانــەوە سیاسـییەکان و شـەڕەکانی ناوخـۆ و دەرەوەدا لـە سەرانسـەری جیهانـدا، جگـە لـە گوتـاری سـەرکردە و لێپـرسراوان بـۆ کردنـی گیانــی بەرگــری بــە بــەری جەنــگاوەران و جەمــاوەر، شــیعر و سروودی نیشـــتمانی و شـــاعیران و دەنگـــی پـــڕ حەماســـی گۆرانیبێـــژان و مارشـــی ســـەربازی ڕۆڵێکـــی بەرچاویـــان لـــە ورووژانـدن و هانـدان و بەرزکردنـەوەی ورە و گیانـی بەرخودانـی خەڵـــک و شـــەڕکەراندا هەبـــووە وەک ئامرازێکـــی کاریگـــەر لـەو بـوارەدا (ڕشـید، ١٩٧٠، ٥٤). میللـەتی کوردیـش خاوەنـی دەیـان کەڵەشـاعیری نیشـتمانپەروەر و گۆرانیبێـژی بەتوانایـە کـە بەرهەمەکانیـان بووەتـە ئامرازێـک بـۆ هەڵگیرسـانی گیانـی فیـداکاری و خۆشەویسـتیی خـاک و نیشـتمان. نموونـەی ئـەو گۆرانیبێژانـە کـە سرووده پڕحەماسـەکانیان هەمیشـە لـە سـەر زاری خەڵکـدان، وەک: تاهیـر تۆفیـق، عـەلی مـەردان، حەسـەن زیـرەک، شـڤان پـەروەر، نـاسری ڕەزازی، نەجمەدیـن غوڵامـی، قـادر دیـلان، سـاڵح دیـلان، سـەعید گابـاری، محەمـەد شـێخۆ، جـوان حەجـۆ، مەرزیـە فەریقـی، ڕەفیـق چـالاک، محەمـەد جـەزا... هتـد (قەرەداغـی، ١٩٨٦، گۆڤـاری بەیـان، ١٢٠).

ئـــەم هونەرمەنـــدە نیشـــتمانپەروەر و نەتەوەپەرســـتانەش هەرگیـز سـەریان بـۆ دوژمنانـی گـەل شـۆڕ نەکـردووە و ئامادە نەبـوون گۆرانـی بـۆ ڕژێمـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان بڵێـن و نەکەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی فشـاری داگیرکـەران، بۆیـە سروود و گۆرانییـە نیشـتمانپەروەرییەکانیان کـە هیـی شـاعیرە ناودارەکانـی کـورد بـوون، وەک هێمـن و ئیبراهیـم ئەحمـەد و دڵـزار و شـارەزا و بێکـەس و عەونـی و موکـری و سـامی عـەوداڵ، لـە هەمـوو کوردسـتاندا دەنگـی دابوویـەوە و ببوونـە وێـردی سـەر زوبانـی خەڵـک و لـە ڕادیۆکانـی شۆڕشـیش شانبەشـانی گۆرانیبێژانـی تـر کاریگەریـی بەرچـاوی هەبـووە بـۆ جۆشـدانی خەبـــات و گەرمکردنـــی ئاگـــری شـــۆڕش و بەرخـــودان و ڕووبەڕووبوونـەوە. ئـەوەی جێـگای ئاماژەکـردن بێـت دەبینیـن زۆرێـــک لـــە تێکســـت و بەرهەمـــە نیشـــتمانپەروەرییەکانی هونەرمەنـدان وەک بەرهەمێکـی خۆشەویسـتی پێنـاس کـراون، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەم بەرهەمانـە بەرهەمـی نیشـتمانین و بـۆ خۆشەویسـتیی گـەل و نیشـتمان وتـراون، گـەل و نیشـتمان وەک یـار و خۆشەوسـت بـە چەمکـەکانی شـیرن و فەرهـاد، مـەم و سـیامەند...؛ نیشـان دراون، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی کاتێـک بەرهەمەکـە بـڵاو دەبێتـەوە، ڕژێمـی ئـەو کاتـە نەتوانێـت ئەشـــکەنجە و ئـــازاری گۆرانیبێژەکـــە یـــان هونەرمەنـــدەکان بـدات (خەزنـەدار، ١٩٥٥، گۆڤـاری هەتـاو، ٢١).

**٥-١. هونەرمەند عەلی مەردان**

عەلـــی مـــەردان لە ١٩٠٤، لـــە شـــاری کەرکووک لە گەڕەکـــی تەکیـەی شـێخ عەلـی لەدایـک بـووە. خوێندنـی لـە تەکیـەی کەرکـووک و لـە لای ماموسـتا ساڵح دەسـت پـێ کـردووە و هـەر لەوێشـەوە لـە لای مامۆسـتای دەنگخۆش مـەلا ڕەئووف فێـری تەجویدی قورئـــان و هەندێ مەقاماتی کـــوردی و قۆڕیاتـــی تورکمانی بـــووە. پـــاش هەشـــت ســـاڵ تەکیـــە، شـــاری کەرکووکـی بەجـێ هێشـتووە و بـە ماڵـەوە چـووە بۆ گونـدی لەیـــلان. لـــەو گوندەدا تەموورەژەنێکـــی بەتوانـــای بـــە ناوی خـدر بارام ناسـیوە کـە سـوودێکی زۆری لـێ وەرگرتـووە بـۆ مەقاماتی کـوردی، بـەڵام لـە دواییـدا کـە دەچێـت بـۆ بەغـدا (لاوک، ١٩٧٩، گۆڤـاری بەیـان، ٥٥).

مەقاماتـی کـوردی و فارسـی و عەرەبـی لـە مامۆسـتایانی تـری فـارس و عـەرەب و کـوردەوە فێـر دەبێـت و وەک شـارەزایەک لـە بـواری مەقاماتـی ناوچەکـەدا جێـگای خـۆی دەبینێتـەوە. جگـە لـە دەنگـە بەسـۆز و ڕەسـەنەکەی، شـارەزای ژەنینـی چەنـد ئامێـری مۆسـیقا بـووە کـە خـۆی ئامێـری عـودی زیاتـر لا پەسـەند بـووە. هەروەهـا شـارەزای زمـان و ئەدەبـی کـوردی، عەرەبـی، فارسـی و تورکمانـی بـووە. لـە ڕۆژی هەینـی، سـاڵی ١٩٨١کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە گۆڕسـتانی شـێخ محێدیـن نێـژراوە، لـە دوا وتەیـدا داوا دەکات لـە گـردی سـەیوان لـە لای شـاعیران و هونەرمەنـدان بینێـژن تـا هیـچ کات و زەمەنێـک لـە هونـەر و هونەرمەنـدان دوور نەبێـت (شـارباژێڕی، ١٩٨٥، ٣٤).

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیای من بێ چاوی یار

دیوانی ئەخۆل وتنی: عەلی مەردان


شــەرتە تــا ڕۆژی حــەشر خولیــای مــن بــێ چــاوی یــار
وێڵـی سـەحرا بـم هەمیشـە تـەرک ئەکـەم خوێـش و دیار

شەرتە خوێنم یا بە گریان ئەڕژێمە سەفحەی عەدەم
یـا بـە شمشـێری ڕەقیبانـا ئەبـێ بتکێتـە خـوار...

مەقامـی ئـەم بەرهەمـە جۆرێکـە لـە جـۆرە وتنـەکانی "ئـای ئـای" کـە شـێوە گوتنێکـە لـە سـەر مەقامـی بەیـات بونیـات نـراوە و لـە ناوچـەی گەرمیـان بـاوە.

ڕیتم سەربەستە: ئەدلیب

جۆری بەرهەم: نیشتمانی



**٥-٢. هونەرمەند حەسەن زیرەک**

حەسـەن کـوڕی عەبدوڵایـە، لـە ڕۆژی ٢٩ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٢١ لـە مەڵبەنـدی موکریـان لەدایـک بـووە، لـە گەڕەکـی قـەڵای سـەرداری. ڕایەکـی تریـش هەیـە کـە دەڵێـن لـە گوندی هەرمێلـەی سـەر بـە شاری سـەقز لەدایـک بووبـێ. دایکـی نـاوی ئامینەیـە، باوکـی لـە لای خانانـی ئاغـای گونـدی هەرمێلـە کاری کـردووە و لەبـەر لێهاتوویـی بـە زیـرەک نـاوی دەرکـردووە. زیـرەک لـە تەمەنـی خـوار دە سـاڵیدا لەگـەڵ چەنـد کـەس لـە دەنگخۆشـانی بـۆکان لـە شـاییەکانی نـاو شـار و گوندەکانـی بـۆکان گۆرانیـی وتووەتـەوە. لـە حـەوت و هەشـت سـاڵیدا بەردەسـتی و قاوەچییەتیـی کـردووە لـە ماڵـە دەوڵەمەندەکانـی بـۆکان. زیـرەک یانـزدە سـاڵان دەبێـت کاتێـک باوکـی دەمرێـت. لـە دوای مردنـی باوکـی، بنەماڵەکەیـان لـە دێ بـار دەکـەن و دەچنـە شاری سـەقز. پاشـان دایکـی زیـرەک شـوو دەکاتـەوە و ئەمـە دەبێتـە هـۆی دژواریـی زیاتـر لـە ژیانـی ئابووری و کۆمەڵایەتیـی زیـرەک و خوشـک و براکانـی. لـە تەمەنـی ١٢ سـاڵیدا دەگەڕێتـەوە هەرمێلـە و لـە لای خانانـی ئاغـای ئـەو دێیـە بـە کارکـەر دادەمەزرێتـەوە و بـۆ درێـژەی ژیانـی دەسـت دەکات بـە قاوەچییەتـی و چاوسـاغی و بەردەسـتیی پیاوماقـوڵانی ئـەم کاتـە (قەرەداغـی، ٢٠٠٤، ٥٣). هـەر لـەو تەمەنـەدا دەنگـە خۆشـەکەی سـەرنجی خەڵکـی ئـەو دێیـە بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت و هەموویـان هەوڵـی ئەوەیـان دەبێـت کـە زیـرەک لـە دەنگـە خۆشـەکەی بێبەشـیان نـەکات. کاتێـک خانەدانـەکان دەزانـن زیـرەک دەنگـی ئەوەنـدە خۆشـە، ئـەم جـارە زیاتـر گرنگـی بـەو دەدەن و ڕێگـە دەدەن زیـرەک بێتـە دیوەخـان و بـە گۆرانـی؛ میوانـداری و دیوەخانـەکان بڕازێنێتـەوە. هەروەهـا زیـرەک بـۆ بانگهێشـتی شـەوان و ڕەشـبەڵەکی کـوڕان و کچانـی گونـد و بەزمـی شـەوانەیان زۆر جـار بانگهێشـت دەکرێـت. دوای سـاڵێک لـە هەرمێلـە، لای ئاغـاکان بەجـێ دەهێڵێـت و ڕوو دەکاتـە شـار، دەبێـت بـە شـاگرد و بـە هەندێـک وردە کاری تـر ژیـان دەباتـە سـەر. سـاڵی ١٩٦٠ دێتـەوە هەرمێلـە و وەک پاسـەوان و پیـاوی ئاغـا لـە ماڵـی ئاغاواتـەکان دادەمەزرێـت، پاشـان نێوانـی لەگـەڵ ئاغـا تێـک دەچێـت و واز لـە چەکـداری و ئـازار و ئەزیەتـی خەڵـک لـە پێنـاو ئاغـادا دێنێـت و دەچێتـە سـەقز و دەبێتـە شـۆفێری مینەخانـی ئـەردەڵان و لـە نێوان سەقز و بانەدا دەسـت بـە کار دەکات (ئەحمـەد، ١٩٧٩، گۆڤـاری بەیـان، ٥٣).

تـا ڕۆژێـک هاوڕێیەکـی بـە نـاوی مەحمـوود نارنـج، بـە ئۆتۆمبێلەکـەی زیـرەک کۆمەڵێـک بـاری دار دەگوازنـەوە، لـە نزیـک گردایـەک ئۆتۆمبێلەکـەی زیـرەک گـڕ دەگرێـت و هاوڕێیەکـەی زیـرەک لـە نـاو ئۆتۆمبێلەکـە دەسـووتێت و گیانـی لەدەسـت دەدات. زیـرەک لـە ترسـان ڕادەکات و ئـاوارە دەبێـت تـا لە باشـووری کوردستان دەگیرسـێتەوە. دواتـر زیـرەک دەگاتـە شـاری بەغدا و لـەوێ بـە هـۆی چەنـد کەسـێک لـە هوتێـل دادەمەزرێـت، لەوێـش دەسـت دەکات بـە گۆرانیوتـن و لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـەم هۆیانـە ناوبانـگ دەردەکات. چەنـد کـەس لـە ناودارانی مۆسـیقای کـوردی، وەک عەلـی مـەردان، لـە سـاڵی ١٩٥٣ زیـرەک لـەوێ دەبینـن و ئـەو دەیبەنـە بەشـی کوردیی ڕادیـۆی بەغـدا و بـۆ یەکـەم جـار دەنگـی لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـداد دەبیسـترێت و بـەم جـۆرە مەیدانێکـی بـاش بـۆ خۆنواندنـی گۆرانیبێژیـی زیـرەک پەیـدا دەبێـت. زیـرەک لـە مـاوەی مانـەوەی لـە بەغـدا دەیـان گۆرانـی تۆمـار دەکات و ئـەم گۆرانیانـە نـاو و ئـاوازی زیـرەک بـە کوردسـتاندا بـڵاو دەکەنـەوە. زیـرەک لـە مـاوەی نزیـک بـە دە سـاڵ مانـەوە لـە عێراقـدا دەبێتـە دۆسـت و ئاشـنای زۆر هونەرمەنـد و گۆرانیبێـژی بەناوبانگـی کـورد، لـە ئەزمـوون و ڕێنوێنییەکانیـان سـودێکی زۆر وەردەگرێـت و سـەرنجیان بـۆ لای بەهـەرە هونەرییـە کەموێنـەکانی خـۆی ڕادەکێشـێت. لـە

١٤ی ئابی ١٩٥٨، حەسەن زیرەک گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، لەوێ چووە بۆ ڕادیۆی تاران، کرماشان و تەوریز و لەوێوە گۆرانیی گوتووە. هەر لەو ساڵەدا لە ڕادیۆی تاران میدیا زەندی دەناسێت و پێکەوە ژیانی هاوسەرگیری پێک دێنن، کە ئاکامی ئەو ژیانە دوو منداڵ بە ناوەکانی مەهتاب (ئارەزوو) و ساکاریان دەبێت. ساڵی ١٩٦٩ حەسەن زیرەک ماڵەکەی دەباتە شاری بانە و لەوێ لە کانی مەلا ئەحمەد چایخانەیەک دادەمەزرێنێت، شانبەشانی ئەو کارەش لە گۆرانیوتن و کاری هونەری ناوەستێت و لە بەزم و شادیی خەڵکدا بەشداری دەکات و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە گۆرانی تۆمار دەکات. پاشان دەچێتە شاری مەهاباد و لە دوا کاتەکانی ژیانیشیدا دەچێتە شاری شنۆ. لە شاری شنۆ بە کار و کاسبی ژیان تێپەڕ دەکات. لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦١) لە شاری سلێمانی، لە تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان، لەگەڵ سێوە خان و ڕەشۆڵ عەبدوڵادا لە شانۆی بووکی ژێر دەواری ڕەش و خەسوو یان ئەژدیها و تەڕپیر دەبینێت (شێربەگی، ٢٠٠٩، ٨).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، پشتبەستنی بە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە. ئەو چاوی بە زۆر ناوچە و مەڵبەندی کوردستان کەوتووە، لێیان ماوەتەوە، لای خەڵکەکەی میوان بووە و هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵیان بووە و لەگەڵ شێوەی ژیانیان و جلوبەرگ و هەڵسوکەوتیان ئاشنا بووە. ئەو گۆرانییانەی لە خەڵکەوە بیستوویەتی، فێری بووە. هەر چەندە زیرەک زۆر گۆرانییشی هەیە کە هەم هەڵبەستەکەی و هەم ئاوازەکەی هیی خۆیەتی. زیرەک لە شیعری کوردییش کەڵکی وەرگرتووە، وەک: نالی، وەفایی، سەید کامیل ئیمامی، کوردی، ئەحمەد هەردی، پیرەمێرد و هێمن.

حەسەن زیرەک گۆرانیی فارسی و ئازەرییشی هەیە، لەو جۆرە گۆرانییانەدا زیرەک هەڵبەستی کوردیی تێکەڵاو کردوون. "گویلدر" یەکێکە لەو گۆرانییانە کە بە زمانی ئازەری وتوویەتی. ئەمانەش بەشێک لە گۆرانییە باوەکانی زیرەکن: (دیسان شەو هات، وەک قومری، لۆرکێ، کەتانە، هەی نار، کابوکێ، لەیلا، کرماشان شاری شیرین، ئەمان دۆکتۆر، بۆ چ منت ناوێت، هۆ لەیلی، ماڵی بابم نەسرین، کەویار، ئەسمەر). زیرەک لەگەڵ زۆر گۆرانیبێژی کورد گۆرانیی گوتووە، بۆ نموونە: (محەمەد ماملێ، مەلا حسێنی عەبدوڵازادە، عوسمان بۆکانی، ڕەزا سەقایی، سەید محەمەد سەفایی و ئەحمەد شەماڵ) . گۆرانیی "ماڵی بابم بێوەفا"، یەکێک لەو گۆرانییانەیە کە حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ و مەلا حسێنی عەبدوڵازادە ساڵی ١٩٥٩ بە یارمەتیی تیپی مۆسیقای کرماشان تۆماریان کردووە. "بەرهەڵبێنە" و "هەواره، گوڵم هەوارە"، دوو گۆرانیی دیکەن کە زیرەک و محەمەدی مامڵێ پێکەوە وتوویانە. هەروەها زۆربەی بەرهەمەکانی زیرەک لە ڕادیۆ تاران لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی مۆسیقای ئێرانی وەک حسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەد عیبادی بووە (خۆشناو، ١٩٨٤، ١٥).

حەسەن زیرەک ئەگەرچی لەبەر بارودۆخی ئەستەمی ژیان لە خوێندن بێبەش مابوو، بەڵام توانای بێوێنەی لە هۆنینی شیعری کوردی و دانانی مۆسیقای کوردی هەبوو. حەسەن زیرەک لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ لە ڕادیۆ کرماشان کاری کردووە. لەو ماوەدا لەگەڵ گەورەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە وەک موجتەبا میرزادە، محەمەد عەبدولسەمدی، ئەکبەر ئیزەدی و بەهمەن پوولەکی کاری کردووە و ئەو هاوکارییە بووە هۆی دروستکردنی بەرهەمی وا کە وەک شاکارەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە بە یادگاری ماون. ساڵی ١٩٧٢ بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵئاوایی دەکات و لە سەر ویستی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە کە دەڕوانێتە بۆکان؛ بەخاک دەسپێردرێت.

نەورۆز

وتنی: حەسەن زیرەک        ئاوازی: قادر دیلان

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە و بە خۆشی و بە هاتەوە
وا ڕۆژ هەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
ڕەنگی گوڵاڵە و گەزیزە شەفەق شەوق ئەداتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە بێبەر بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

نـەورۆز بـوو ئاگـــرێکی وەهـای خستـــە جەرگــەوە
لاوان بـــە ئەشـــق ئەچــــوون بەرەوپیـــری مـــەرگەوە
تـــا ئێســــــتا ڕووی نــــەداوە لــە تاریخـــی میـــللەتان
قەڵغـــانی گوللـــە ســنگی کچـــان بـــێ لـــە هەڵـــــمەتا
پێـــی نـــاوێ بـــۆ شـــەهیدی وەتـــەن شیـــــوەن و گریـــن
نامــرن ئەوانــە وا لـــە دڵـــی میــــــــــــــللەتا ئەژیــن

مەقامی ئەم بەرهەمە عەجەمە
ڕیتم: ٤/٤
جۆری بەرهەم: نیشتمانی




**٥-٣. هونەرمەند تاهیر تۆفیق**

نـــاوی تـــەواوی "تاهیـــر تۆفیـــق ئەوڕەحـــمان حەمـــەد شـێخانی"یە، نازنـاوی بنەماڵەکـەی "شـێخانی"یە. سـاڵی ١٩٢٢ لـــە شـــاری کۆیە لە گەڕەکـــی "بەفـــری قەنـــدی" هاتووەتـــە دنیـاوە، لـە باوەشـی خێزانێکـی هــەژار چـاوی کردووەتـەوە و خوێندنـی تـا پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی بـووە و لـە ناوەڕاسـتی سـییەکانی ســەدەی بیســتەمەوە، لــەو کاتــەی کــە قوتابیــی پۆلـــی پێنجەمـــی ســـەرەتایی بـــووە، بەهـــرەی گۆرانیبێژیـــی لـــەلا تەقیوەتـــەوە و بووەتـــە سروودبێژێکـــی دەنگخـــۆش و مامۆسـتاکانی هانیـان داوە سروود و گۆرانـی بڵـێ. هونەرمەنـد لـە سـەرەتای ژیانـی هونەرییـدا کەوتووتـە بـەر کاریگەریـی گۆرانیبێـژە لێهاتووەکانـی ئەوسـای کۆیـە، وەک سـێوە و مـەلا ئەسـعەد و سـوودێکی زۆریشـی لـە هونەرمەنـد ئەحمـەدی حەمـە مـەلا وەرگرتـووە. بـەڵام کاتێـک کـە بـازووی هونـەری گۆرانیوتنـــی بەهێـــز بـــووە، هەوڵـــی داوە دەنـــگ و ڕێبـــازی تایبەتیـی خـۆی هەبـێ و لـە ناوەڕاسـتی چلەکانـی سـەدەی ڕابـردووەوە بووەتـە گۆرانیبێژێکـی خـاوەن دەنـگ و ڕێبـازی تایبەتیـی خـۆی. تایـەر تۆفیـق لـە سـاڵی (١٩٤٥)ەوە بووەتـە سەردەســتەی مەقامبێژانـــی ســـەر شـــانۆی ئاهەنگەکانـــی نـــەورۆزی کـورد و گەلێـک گۆرانیـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بـە دەنگـە خۆشـەکەی چڕیـوە و گوێگرانـی سەرسـام کـردووە، چونکـە هـەم خـاوەن دەنگێکـی زوڵاڵـی دڵکێـش بـووە و هـەم باشـترین دەقـی شـاعیرە مەزنەکانـی کـوردی هەڵبـژاردووە بـۆ ئاوازەکانـی (خۆشـناو، ١٩٧٩، گۆڤـاری بەیـان، ٥٣).

هــەر کەسـێک کەمێـک ئاشـنای هونـەری ئـاواز و گۆرانیـی کـــوردی بـــێ و گوێـــی لـــە نـــاوی تایـــەر تۆفیـــق بێـــت، یەکســـەر ئـــاوازی گۆرانییـــە ڕەســـەنەکانی لـــە ســـەر شـــەو و ڕۆژی داناوەی حاجـــی قـــادری کۆیـــی و لـــە باخـــان ئاهــ و ناڵیـــن دێی وەفایـــی و غەزەلـــە تـــەڕ و پاراوەکانـــی مســـتەفا بەگـی کـوردی و سـافی هیرانـی و عوسـمان عەونـی و گوڵـی سەربەسـتیی بەختیار زێـوەر و بیسـت و حـەوت سـاڵەکەی فایەق بێکـــەس و شـــیرین بەهارەی ئیبراهیـــم ئەحمـــەد و چەنـــد هۆنراوەیەکـــی ناســـکی هـــەژار و هێمـــن و گـــۆران و مەدهۆش و دڵدار و دڵـــزار و مەجیـــد ئاســـنگەر و بێخـــەو و شـــارەزا دێتـــە یـــاد.


تایـەر تۆفیـق گۆرانیبێژێکـی هونەرمەنـدی خـاوەن هەڵوێسـتی نیشـــتمانپەروەری بـــووە، لـــە هیـــچ کـــۆڕ و کۆبوونەوەیەکـــدا گۆرانیـــی بـــۆ کاربەدەســـتانی میـــری نەگوتـــووە و هەمـــوو گۆرانییەکـی بـۆ کـورد و بـۆ شـادکردنی دڵـی هونەردۆسـتانی چڕیـوە و لـە مـاوەی ژیانیـدا شـەش نامیلکـە و پەرتووکـی بـەو دەقـە هۆنراوەیانـەی بـە گۆرانـی گوتوونـی؛ بەچـاپ گەیانـدووە و لــە هەموویــان باشــترین پەرتووکەکــەی گوڵــی سەربەســتییە کـــە بـــە پێشـــەکیی کەریم شـــارەزا لە ســـاڵی 1983 بەچاپـــی گەیانـــدووە. لـــە ١٩٨٧/١٠/٢٠، تایـــەر تۆفیقـــی گۆرانیبێـــژی هونەرمەنـدی مەزنـی کـورد لـە تەمەنـی ٦٥ سـاڵیدا ماڵئاوایـی لــە کوردســتان و هونەردۆســتانی کــرد و لــە شــارەکەی کۆیــە لـە نێـو شـەپۆلی خـەم و پـەژارەی هونەرپـەروەران بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا (کوێسـتانی، ٢٠٠٨، ١٧).

گوڵی سەربەستی
شیعری: بەختیار زێوەر
لـــە ١٩٥٨دا لـــە ئێســـتگەی کـــوردی تۆمـــار کـــراوە و بـــڵاو کراوەتـــەوە.
ئاواز و گوتنی: تایەر تۆفیق

گەلێـک شـیرینتر لـە خونچـەی بەهـار
اسـک، جوانـتر لـە شـەوبۆی بەهـار

گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی
گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانم
تۆم نەبێ من خۆم بە هیچ نازانم
تۆم نەبێ هەرگیز ناحەسێمەوە
بێ بۆنی خۆشت نابووژێمەوە
بۆچی ڕەنگی تۆ وەک گوڵی سوورە
ئەو هۆزەی کە تۆی تیا بێ؛ جەسوورە
عالەم بە بۆنەت زۆر پشتئگەلێک
کێش ئەکەی بۆ کامەرانی

مەقامی ئەم بەرهەمە: بەیات
ڕیتم سەربەستە: ئەدلیب
جۆری بەرهەم: نیشتمانی



**دەرئەنجام**

١. پێشهاتە سیاسییەکان هەموو کات کاریگەرییان بەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و هونەریی ناوچەی هەولێر هەبووە.
٢. هۆکاری گەشەسەندنی لایەنی ڕۆشنبیری و هونەری دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی بزاڤەکان لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٥.
٣. ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە بەسەر گەشەی ڕۆشنبیری و هونەری لە شاری هەولێر.
٤. سەرەتای بزاڤی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵانی ١٩٥٨.
٥. لە گۆرانییەکانی هونەرمەندانی وەک حەسەن زیرەک و تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان، تێبینیی گشت لایەنەکانی (سیاسی، کۆمەلایەتی، نەتەوەیی، ئایینی) دەکرێت، ئەوان توانیویانە زۆر بە جوانی گوزارشت لە ڕاستییەکانی ژیان و حاڵ و خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتی کورد بکەن.
٦. ناسینی کورد و دۆزەکەی و دەرکەوتنی هونەرمەندانی کورد بۆ کاریگەریی ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی دەگەڕێتەوە، کە لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزی هەبوو.
٧. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە گۆرانییە کوردییەکان لە ڕووی دیالێکت و زمان و ئاوازەوە، خاڵێکی تری سەرکەوتنی ئەم گەشە هونەری و فیکری و ڕۆشنبیرییە بوون.
٨. شارەزایی و لێهاتوویی و زۆریی ژمارەی گۆرانییەکانی هونەرمەندان لە زمانزانی و لە داڕشتنی دەقی شیعری گۆرانی و ئەزبەرکردنیان، بەشێکی ترن لە سەرکەوتنەکانی گەشەسەندنی لایەنی ڕۆشنبیری و هونەری.
٩. هونەرمەندانی کورد لە بەر ئەوەی زۆر کاری جۆراوجۆر و زۆر شوێن گەڕابوون و شارەزایی باشیان هەبوو دەربارەی گەشەی ڕۆشنبیری و هونەریی میللەتانی دراوسێش، توانیویانە زۆر بە جوانی ئەم ئاوازانەی کە هیی کوردیش نەبوون لە بنەڕەتدا، بە شێوازێکی کوردییانە و تام و چێژێکی تایبەت بیانچڕن، کە ئەمەش خۆیلەخۆیدا خاڵێکی تری کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەرییە لە باشووری کوردستان.
١٠. بەشێکی زۆری گۆرانی و بەستە و مەقام و بەرهەمە موزیکییەکانی هونەرمەندانی کورد لە سەدەی ڕابردوو وەک بەرهەمی خۆشەویستی و ئەڤینداری ناسراون و کەوتوونەتە بەر گوێ، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی نیشتمانین و لە ترسی ڕژێمەکانی ئەو کاتە نەتوانراوە بە ئاشکرا باس لە فیداکاری و خۆشەویستیی نیشتمان بکرێت و ناچار نیشتمان وەک کچ ناسێنراوە و بەسەریدا هەڵگوتراوە.

**پێشنیار**

١.کارکردن لە سەر کۆکردنەوە و بەئەرشیفکردنی بەرهەمەکانی گۆرانیی کوردی بە گشتی و هونەرمەندانی وەک تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان بە تایبەتی.
٢.نووسینەوەی تێکست و بەنۆتکردن و شیکردنەوەی گشت گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی میللەتی کورد بە گشت

دیالێکـت و زمانەکانــەوە.

٣.گرنگیـدان بـە هـەواداران و شـوێنکەوتووانی ئـەو هونەرمەنـدە میللییانــەی کــورد بــە گشــتی و تــەواوی قاڵــب و فۆڕمــەکانی گــۆرانی و موزیکــی کــوردی بــە تایبــەتی.

**ڕاسپاردە**

١. دامەزرانـــدنی ڕێکخـــراو و بنکـــەی گەشـــەپێدانی لایـــەنی ڕۆشـــنبیری و هونـــەری و ئـــەدەبی کـــوردی لـــە تـــەواوی ناوچـــە کوردســـتانییەکان و دەرەوەی ناوچـــە کوردســـتانییەکانیش وەک بنکەیەکــی نەتەوەیــی، بــە مەبەســتی زینـــدوو هێشـــتنەوەی عـــورف و عـــادات و کولتـــووری نەتەوەییـــمان.

٢. دامەزرانـــدنی کتێبخانەیـــەکی دەنگیـــی تایبـــەت بـــە گۆرانـــی و بەرهەمـــی گۆرانیبێـــژە ڕەســـەن و فۆلکلـــۆرەکانی کوردســـتان و کۆکردنـــەوەی ســـەرجەم گۆرانییەکانیـــان بـــۆ پاراســـتنیان لـــە فەوتـــان و لەناوچـــوون.


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی**

- ئیســماعیل کوێســتانی، (٢٠٠٨)، ڕوخســار و ئەزمــوون، ج٢، چاپخانــەی وەزارەتی ڕۆشــنبیری، هەولێــر.

- باکــووری، (٢٠٠٢)، گۆرانیبێــژە نەمــرەکان، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی وەزارەتی پــەروەردە، هەولێــر.

- حسێن شـێربەگی، (٢٠٠٩)، دەچمـە سـەر ناڵەشـکێنە، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە ١٤٩، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر.

- زۆزک ئەحمـەد قەرەداغـی، زاهیـر محەمـەد عەزیـز، (٢٠٠٤)، ڕۆڵـی حەسـەن زیـرەک لـە موزیـکی کوردیـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی.

- عیزەدیـن مستەفا ڕەسـووڵ، (٢٠١٠)، لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر.

- عوسـمان شـاربازێڕی، (١٩٨٥)، گەنجینـەی گـۆرانی کـوردی، چاپخانـەی زەمـان، بەغـداد.

- میــرزا کەریــم خۆشــناو، (١٩٨٤)، حەســەن زیــرەک و هەندێــک لــە بەســەرهاتەکانی، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی حســام، بغــداد.

- مەسـعوودی مــەلا هەمــزە، (٢٠١١)، بیۆگرافیــای هونەرمەنــدانی هەولێــر، بەرگــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕوون، هەولێــر.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

- حسـين عـلى محفـوظ، (١٩٧٧)، قامـوس الموسـيقى العربيـة، دار الحريـة للطباعـة، بغداد.

- رجـائي فايـد، (٢٠٠٨)، تحـولات الشـخصية الكورديـة نحـو الحداثـة، مراجـع وتقديـم أ. د. عبـد الفتـاح عـلي البوتـاني، مطبعـة ألخـاني، دهـوك.

- صبحــي انــور رشــيد، (١٩٧٠)، تاريــخ الفــن في العــراق القديــم، ط١، المؤسســة التجاريــة للطباعــة والنــشر، بــيروت.

- صبحـى انـور رشـيد، (١٩٨٨)، الموسـيقى فـى العـراق القديـم، ط١، دار الثـؤون الثقافيـة العامـة، افـاق العربيـة، بغـداد.

- مجـدي وهبـة وكامـل المهنـدس، (١٩٧٩)، معجـم المصطلحـات في اللغـة والادب، مكتبـة لبنـان، بـيروت.

- محمــد محمــود ســامي حافــظ، (١٩٧١)، تاريــخ الموســيقى والغنــاء العــربي، المطبعــة الفنيــة الحديثــة.

**سێیەم: سەرچاوە بە زمانی بیانی**

- Laurie Schneider Adams, The Methodologies of Art An introduction 2nd kindle Edition, 1964.

**چوارەم: توێژینەوەکان**

- سـالار شـوکری، سروود فـواد، (٢٠٢٠)، شـێوازی موزیـکی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو لە شـاری هەولێر، گۆڤـاری زانکۆی سـەڵاحەدین، هەولێر.

- هۆشــەنگ ســاڵح محەمــەد، (٢٠١٢)، بزاڤــی ڕۆشــنبیریی کــوردی لــە شــاری هەولێــر (١٩٥٨-١٩٧٥)، ماســتەرنامە، کۆلێــژی ئــاداب، زانکــۆی ســەڵاحەدین، هەولێــر.

- هۆشــەنگ ســاڵح محەمــەد، (٢٠١٩)، بزاڤــی ڕۆشــنبیریی کــوردی لــە شــاری بەغــدا (١٩٥٨-١٩٧٥)، تێــزی دکتــۆرا، کۆلێــژی ئــاداب، زانکــۆی ســەڵاحەدین، هەولێــر.

**پێنجەم: گۆڤارەکان**

- حەســیب قەرەداغــی، گۆڤــاری بەیــان، ژ(١٢٠)، حوزەیــرانی (١٩٨٦)، شــتێک لــە بــارەی گــۆرانی و ئــاوازەوە.

- ڕزگار خۆشــناو، گۆڤــاری بەیــان، ژ(٥٣)، کانــوونی دووەمــی (١٩٧٩)، بەشــەکانی گۆرانیــی کوردیــمان.

- لاوک، گۆڤــاری بەیــان، ژ(٥٥)، حوزەیــرانی (١٩٧٩)، پێشــەکییەک بــۆ گۆرانیــی کــوردی.

- مـارف خەزنـەدار، گۆڤـاری هەتـاو، ژ(٢١)، ١٠ی شـوباتی ١٩٥٥، گـۆرانی و موزیکـی کـوردی.

- وریا ئەحمەد، گۆڤاری بەیان، ژ(٥٣)، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، ڕوونکردنەوەی هەندێـک لایـەنی بەرەوپێش لە گۆرانی و موزیکی کوردیمان.

**پەراوێزەکان:**

١. * سادق هەریری لە ساڵی ١٩٤٧ لە شارۆچکەی هەریر لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە دەنگی زۆر خۆش بووە و دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانە لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠). سادق هەریری دۆستایەتییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ هونەرمەند "تاهیر تۆفیق" هەبووە و هەوادارێکی سەرسام بە هونەرمەند تاهیر تۆفیق بووە. کاتێک تاهیر تۆفیق کۆچی دوایی دەکات، جلوبەرگ و چاویلکە و هەموو ئەمانەی بەخشرا بە سادق هەریری. سادق هەریری لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/١٦ دڵی گەورەی لەکار کەوت و بۆ دواجارماڵئاوایی کرد (کوێستانی، ٢٠٠٨، ١٢).

٢. ** ئیحسان بورهان ئەحمەد ناسراو بە "ئیحسان زیرەک"، لە ساڵی ١٩٧٦ لەدایک بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای دەنگی هونەرمەندی گەل حەسەن زیرەک بووە و هەڵساوە بە لاساییکردنەوەی ئەم هونەرمەندە. دەستپێکی کاری هونەریی بۆ ساڵی ١٩٩٧ دەگەڕێتەوە، تاوەکوو ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەری و بە هەمان ڕێچکە و شێوازی وتنی گۆرانیی حەسەن زیرەک گۆرانییەکان دەچڕێتەوە (باکووری، ٢٠٠٢، ٩٩).

٣. *** هونەرمەندی میلی سامان محەمەد سەعید عەبدوڵا، ساڵی ١٩٧٢ لە شارەدێی خورماڵ لەدایک بووە. لە وڵاتی ئێران ساڵی ١٩٩٤ لە خۆشەویستی بۆ هونەرمەندی گەل حەسەن زیرەک و سەرسامی پێی دەستی بە کاری هونەری گۆرانیوتن کردووە و زیاتر لە بۆنە و دانیشتنەکان و بەرنامە هونەرییەکانی یادی حەسەن زیرەک دەرکەوتووە. لە ساڵانی ١٩٩٠ کاتێک لە بەغدا بووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە گۆرانیبێژانی عێراقی (کاضم ساهر و سعد الحلی و هیثم یوسف و یاس خضر) گۆرانیی وتووە، هەروەها لە شاری تاران چەند کۆنسێرتێکی گۆرانیی ئەنجام داوە، بەڵام ئەم کۆنسێرتانەی تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە (هەمزە، ٢٠١١، ٨٥).

٤. **** قادر ئەحمەد مستەفا ناسراو بە "قادر زیرەک"، لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە لە گوندی بێرکۆت. ئەم هونەرمەندەش یەکێک بووە لە شوێنکەوتووانی ڕێچکەی هونەری گۆرانییەکانی هونەرمەندی گەل حەسەن زیرەک، ساڵانێکی زۆر تەنها بە لاساییکردنەوەی حەسەن زیرەک بەردەوام دەبێت تا دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ یەکەم گۆرانیی (دوورم لە یاران) تایبەت بە خۆی لە ئاواز و تێکستی هونەرمەند "ڕزگار خۆشناو" لە ئێستگەی کوردی لە شاری بەغدا تۆمار دەکات، کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت بۆ هونەرمەند و لە مەیدانی هونەری پێی دەناسرێ، ئەمە وا دەکات کە هونەرمەند لە ساڵی ١٩٨٠ چەند بەرهەمێکی تر تۆمار بکات، وەک: (دوگمەی سینە، ئەمان ساقی، لەبنەوار، بازی کوێستان). تا ساڵی ١٩٨١ هونەرمەند قادر زیرەک لە کاتی گەڕانەوەی لە گەشتێکیدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە ڕێگای "هەریر" تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبن، لە ئاکامدا هونەرمەند قادر زیرەک و هاوڕێیەکی گیان لەدەست دەدەن لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/١٢/٢٢) (شێربەگی، ٢٠٠٩، ٢٣).

## ملخص

يركـز هـذا البحـث عـلى تأثـير وتطـور الحركـة الثقافيـة للأغنيـة والموسـيقى والمؤثـرات الخارجيـة، هـذه المؤثـرات مـن خـلال أغـاني الفنانـين عـلي مـردان، حسـن زيـراك، طاهـر توفيـق عـلى الفنانـين والمطربـين والموسـيقيين في إقليـم كوردسـتان، مـن خـلال ثلاثـة محـاور رئيسـية يبـدأ المبحـث الأول بعـرض مشـكلات البحـث وأهدافـه وأهميتـه وتوقعاتـه، وكذلـك تحديـد منهـج البحـث حسـب الزمـان والمـكان المحدديـن.

أمـا المبحـث الثـاني فتنـاول عـرض محتـوى البحـث والتعـرف عـلى عناويـن الأبحـاث وعلاقتهـا بالأبحـاث المشـابهة. ومـن خـلال أغـاني عـلي مـردان وحسـن زيـراك وطاهـر توفيـق، لذلـك رأينـا أنـه مـن الـضروري تقديـم نبـذة عـن حيـاة وأنشـطة هـؤلاء الفنانـين الكبـار لمزيـد مـن التوضيـح والكشـف عـن هـذه الانعكاسـات والمؤثـرات التـي وقعـت عـلى الفـن والفنانـين، دعونـا نوضـح أربيـل وأجـزاء أخـرى مـن كردسـتان.

وفي المبحـث الثالـث نعـرض بعـض نتائـج بحثنـا مـع بعـض الاقتراحـات والتوصيـات للجهـات ذات العلاقـة وغيرهـم مـن الباحثـين في مجـال الفـن بشـكل عـام والأغنيـة والموسـيقى بشـكل خـاص كتوضيـح لتعزيـز وإجـراء أبحـاث مماثلـة.


الكلمات المفتاحية: الحركة، الثقافة، الفن، الأغنية، الموسيقى


## abstract

This research emphasis the impact and development of the cultural motion of song and music, including external influences. These influences through the songs of artists Ali Mardan, Hassan Zirak, Tahir Tofiq. which are more ostensible in the Kurdistan Region's artists, singers and musicians. Through three main contents, which are: The first topic presenting the problems, objectives, importance and predictions of the research. And also, the identification of the research methodology which begins according to the time and emplace.

The second topic is dedicated to presenting the content of the research and identifying the research titles and their relationship to similar researches. Through the songs of artists Ali Mardan, Hassan Zirak and Tahir Tofiq. Therefore, we consider it necessary to present a brief chronicle of the life, work and activities of these great artists, to further clarify and discover these reflections and effects, which through this cultural and artistic motion has fallen on the arts and artists of Erbil city and other areas of Kurdistan.

In the third section, we have presented some of the results of our research, with some suggestions and recommendations for the stakeholders and other researchers in the field of art in general, song and music in particular as a clarify to promote and supervise similar researches.


**Keywords**: motion, culture, art, song, music